# كە دەسەڵات ئەروات بۆ باشور

سەردار عەزیز/کۆلێژی سیاسەت

هەرچەندە تا کاتی نوسینی ئەم بابەتە بە شێوەیەکی ئاشکرا نازانرێ کە کێ براوەیە لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، بەڵام هەموو سەرچاوەکان ئەوە دوویات ئەکەنەوە کە لیستی "ئیئتلافی عێراقی یەکگرتوو" کە لیستی پارتە سیاسیە شیعەکان و چەند کەسایەتیەکی سەربەخۆن چاوەڕاون ئەکرێ کە زۆربەی کورسیەکانی پەرلەمانی داهاتوو بگرنەدەست. ئەوەی شایەنی ووتنە کە ئەو کەسانەی وەک سەربەخۆ ناوی خۆیان لە لیستەکەدا نوسیوە زۆریان سەربە گروپی صدرن، لە کاتێکا کە موقتەدا صدر خۆی وەک تاکە کەس بەشدارنەبوو بەڵام ڕێی لە ئەندامانی گروپەکەی نەگرت بۆ ئەوەی خۆیان هەڵبژێرن، بۆ نموونە؛ جێگری پارێزگای بەسرا سلام مالکی، کە لە چاوپێکەوتنێکا بۆ پەیامنێری ڕۆژنامەی ئۆبزێرڤەری بەریتانی ئەوە دوویات ئەکاتەوە کە ئەو هەرگیز لە ڕێنومایەکانی موقتەدا دەرناچێ. چی دەبێ ئەگەر شیعە بێنە سەر حوکم؟ هەرشتێک لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا بوترێ دەچێتە خانەی لێکدانەوەوە، نەک حەقیقەت. لە نێو شیعەی عێراقدا هەستێک هەیە؛ کە ئەوان شایستەی ئەوەن کە ووڵات بەرێوەبەرن وەک ئەوەی پێیان باشە، چونکە یەکەم زۆرینەی خەڵکی ووڵاتن و لە درێژایی مێژووی بوونی ئەم ووڵاتەدا لە دەسەڵات بێبەش بوون و پەراوێزخراون. ئەم هەستە ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاشناڵ هەڵسوکەوتی لەگەڵا نەکرێ هۆکارو پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی حوکمی ڕەهایی زۆرینە دابمەزرێ، کە ڕەنگە ئەوەندە جیاوازی نەبێ لە حوکمی دیکتاتۆری کەمینە. ئەم دەسەڵاتە ڕەنگە زۆربەزەقی لە نوسینەوەی دەستوردا خۆی ببینێتەوە. لە مێژوودا دەستوور بۆیە هاتوەتە کایەوە، بۆ ئەوەی دەسەڵات لە گروپ و پێکهاتە مرۆییەکان جیاکاتەوە بیداتە دەست دەقێک. بەڵام ئەوەی دەیبیستین ڕەنگە بە پێچەوانەی ئەمەوە بێت کاتێک کە لەوە ئەچێ شیعە وایان پێباش بێت کە دەستوری داهاتوو، ئیسلامی بێت، یان لە سەر بنەماکانی ئاینی ئیسلام دابمەزرێ. ئەم داکۆکیکردنە تەنها داکۆکیکردنێکی ئاینیانە نیە بەڵکو لە هەناویا برێکی زۆر لە خواستی دەسەڵاتی هەڵگرتوە. ئاینی شیعە وەک ئاینی کاتۆلیک، ئاینێکی خاوەن دامەزراوەیە، چۆن لە ڤاتیکان پۆپ لەسەروی دەسەڵاتی هەموو کلێسا کاتۆلیکیەکانەوەیە، ئاواش مەرجەعیەت لە نەجەف ڕۆڵی پایەتختێکی ئاینی ئەبینێ بۆ شیعەو هەر بڕیارێکیش لەوێ دەرچێ ئەوا لەهەمانکاتدا پیرۆزو یاسایشە. بەڵام سیاسەتمەدارە شیعەکان زۆرباش لەوە ئاگادارن کە نە ووڵاتانی ناوچەکە و نە ئەمریکا شێوازی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی مەرجەعیەتیان پێ قبوڵ ناکرێ، بۆیە ئەوان مەرجەعیەت وەک چاودێرێک بۆ دەسەڵات پێشنیار ئەکەن. مەرجەعیەت کەوەک باوکێک تەماشائەکرێت کاریگەریەکی یەکجار گەورەی دەبێ لە سەرچۆنیەتی بەرێوبردنی حوکم. ئەگەر بۆ ساتێ لە سیمبوولی باوک لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و ئاینی ئیسلام-دا ووردبینەوە؛ هەرزوو بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە بونیادێکە لە سەرووی هەموانەوەیە و لە سەر ئەوانی تر پێویستە کە بەبێ دوولێکردن هەموو فەرمانەکانی دەستوبرد جێبەجێکەن. باوک ئەو فیگەرەیە کە هەردەم پاساوهەیە بۆ هەڵسوکەوتەکانی و هەرچیەکیش بکات لە پێناوی باشەی ڕەعیەتدایە، تەنانەت ئەگەر ئازار و سزاشیان بدات. ئایەتی هەرگیز پێیان مەڵێن ئوف، زۆر بەڕوونی شوێنی باوک لە هێراركی دەسەڵاتا دائەمەزرێنێ. ئەم شێوازە نەک مەرجەعیەت ناکاتە بەشێک لە دەسەڵات بەڵکو مەرجەعیەت ئەخاتە سەروی دەسەڵاتەوە، وە ڕێگا بە مەرجەعیەت ئەدات کە هەرکاتێ دەسەڵات بە ئاقارێکا ڕۆشت کە لە گەڵ مەرجەعیەتدا نەگونجێ ئەوا مەرجەعیەت مافی ئەوەی هەیە دەست تێوەردات و دەسەڵات بخاتەوە سەر "ڕێگای ڕاست". لە هەمانکاتدا دەسەڵات ناتوانێ بە هیچ شێوەیە بەرامبەر مەرجەعیەت بوەستێ چونکە مەرجەعیەت بەشێک نیە لە دەسەڵات و دژایەتیکردنی کارێکی هێندە ئاسان نابێ کە هیچ سیاسەتمەدارێ بتوانێ بە ئاسانی خۆی لەقەرەی بدات، چونکە مەرجەعیەت سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی هێندە گەورەیە، بەتایبەت ئەگەر کۆمەڵگای عێراق ببێتە ئەو کۆمەڵگایەی کە دەنگ (دیموکراسیەت) تیایا ڕێگا بێت بۆ هاتنە سەر حوکم. لێرەوە دەتوانرێ بوترێ کە شیعە لە عێراقدا ئەگەر لێزانانە هەڵسوکەوت بکەن تۆکمەترین توخمەکانی دەسەڵاتیان هەیە. لە نامیلکەیەکی بچوکدا کە ناوی (کۆچناسی (نۆمادۆلۆجی) : ئامێری جەنگ)،ە [ئەوەی پێویستە ڕوونبکرێتەوە کە مەبەست لە کۆچناسی یان نۆمادۆلۆجی، لێکۆڵینەوە نیە دەربارەی کۆچبەری، بەڵکو دەربرینی شێوازێکی تایبەتە بە دەسەڵات و دەوڵەت و جەنگ] دۆلۆزو گیتاری ئەوە ڕووندەکەنەوە کە دەسەڵاتی سیاسی هەردەم دووسەری هەیە، کە بەگشتی بە پێچەوانەی یەکترن؛ سەرێکیان توندوتیژەو ئەویتریان هێمن. بەڵام دژایەتیکردنیان بۆ یەکتری ڕێژەییە، لە ڕاستیا وا پێکەوە هەڵسوکەوت

ئەكەن وەک ئەوەی جوتێک بن کە یەکترتەواوبکەن، بە جۆرێک بەبێ یەکتر بوونیان نەبێ. گومانکردن لە یەکیان خێرا ئەویتریان دڵنیایی ئەبەخشێ. مەرجەعیەت و دەوڵەت بۆ شیعە زۆربەرروون و ئاشکرا دەتوانێ ئەم رۆڵە ببینێ. بۆ نموونە ئەگەر حکومەتی شیعە بەهەڵەداچوو لە هەڵوێستێکا ئەوا خێرا مەرجەعیەت یان راستی دەکاتەوە یان بۆ ساتێک ئەو نوێنەرایەتی خەڵکی شیعە دەگرێتەدەست.

بەڵام ئایا شیعە ئەتوانن دەسەڵات پیادەبکەن؟ چەمکی دەسەڵات لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردیا چەمکێکی تا بڵێی نوێیە، کە لەم چەندساڵانەی دوایدا کەوتە سەرزاری خوێنەرو رۆشنبیران. سەرەرایی نوێیەتی، تا ئێستا تەنها یەک شێواز یان پێناسەمان هەیە؛ ئەویش پێناسەکەی میشێل فۆکۆیە کە دەڵێ؛ دەسەڵات لە میانەی هەموو پەیوەندیەکاندا هەیە، ئیتر ئەو پەیوەندیە لە هەرکوێ بێت هەرچۆنێک بێت. بەڵام ئەم پێناسەیە تا رادەیەکی زۆر توندرەوانەیە. لای هەنا ئارندێت، دەسەڵات هەرگیز موڵکی تاکەکەسێ نیە، بەڵکو دەسەڵات سەربە کۆمەڵە، کاتێک کە دەڵێن کەسێک لە دەسەڵاتدایە ئەوا مەبەستمان ئەوەیە کەسێک لە لایەن ئەوانی ترەوە رێگەی پێدراوە بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بێت. بەم پێناسەیە ئەوەمان بۆ روون ئەبێتەوە ماهیەتێک کاتێک ئەتوانرێ ناوی دەسەڵاتی لێبنرێت کە تاکەکان بە ئارەزووی خۆیان لەنێو خۆیاندا وەبەرەهەمیان هێنابێت، ئەگینا ئەو پەیوەندیەی کەدروست دەبێ پەیوەندی دەسەڵات نیە، بەڵکو پەیوەندیەکی توندوتیژیە. ئەگەر لێرەوە تەماشای مەرجەعیەت بکەین چەند دەرئەنجامێکی ترسناکمان بۆ دەرئەکەوێ. لە کاتێکا کە مەرجەعیەت ئامادەنیە گوێ لە رەعیەت بگرێ چونکە ئەو بونیادێکی ئاینی پیرۆزەو کاری رێ پێشاندانە؛ کە لە خۆیدا پەیوەندیەک بەرهەم دێت کە یەکەم فەرمان دەرئەکات و دووەم جێبەجێی دەکات، [لە کاتێکا بەشێکی زۆری خەڵکی عێراق بە ئەرکی خۆی نازانێ دوای فەرمانەکانی مەرجەعیەت بکەوێ؛ چونکە چ بەلای سوننەوە (عەرەب) و چ بە لای عەلمانیەکانەوە(کورد)، بە ئەرکی خۆیان نازانن گوێرایەڵی فەرمایشتە ئاینی و سیاسیەکانی مەرجەعی شیعە بن] لێرەدا یەکەم دووەم ناناسێتەوە. لەلایەکی ترەوە ئەوانەی کە دوای مەرجەعیەت ئەکەون، لە ئاستێکی رۆشنبیری وەها پێگەیشتودا نین کە بەبوونی خۆیان ئاگاداربن، بتوانن بریاربدەن، بەڵکو بۆ چالاکیە سادەکانی ژیانی تایبەت و تاکەکەسیش پەنا دەبەنە بەر مەرجەعیەت. (دەتوانرێ ئەمە بەئاسانی ببینرێ لە جۆری ئەو پرسیارانەی کە خەڵکی بۆ سیستانی دەنێرن لە ماڵپەرەکەیدا) ئەوەی شایانی گووتنە زۆرینەی خەڵکی شیعەی عێراق، نزیکەی شەست لەسەدیان، قۆناغی سەرەتایی خوێندنیان تەواونەکردوە. کەواتە ئەگەر ئەو پەیوەندیانەی کە دێنەکایەوە پەیوەندی دەسەڵات نەبن، ئەوا زۆر گرانە بروابکەین ئەو دەسەڵاتەی کە لەدەرئەنجامدا پێک دێت دەسەڵاتێکی دیموکراتیە. دەتوانین بڵێین دیموکراسی بریتیە لە تەماشاکردنی ئەویتر وەک خۆت. بەو مانایە، کاتێک کەسێک ماف بەخۆی ئەدا بۆ هەر شتێک دەبێ بە یەکسانی هەمان ماف بە بەرامبەرەکەی ببەخشێ، ئەگەر لەدەسەڵاتدا بێت یان لەدەرەوەی دەسەڵات. بەڵام ئەگەر لەمێژوو و پێکهاتەی حکومەت بنوارین؛ هەر زوو ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە لە هەرکوێ حکومەت هەبووبێ هەردەم لە لایەن کۆمەڵێک و لە پێناوی بەرژەوەندی کۆمەڵێکا ئیشیکردوە. شایانی باسە ئاینی شیعە پریەتی لە بۆنەو یادەوەری و ریتچوالی تایبەت کە هەرهەمووی تەرخان دەکرێ بۆ زیاتر چەسپاندنی دەسەڵات؛ بۆ نموونە کردنی رۆژی فاتیمەی زەهرا بە رۆژی ژنان!

بەڵام ئەگەر دیمۆکراسی بەرقەرابێت، چ جۆرە دیمۆکراسیەک دەبێت؟ عێراق لە سێ پێکهاتە پێکهاتووە کە هەر سێکەیان پەیوەندیەکی نائاساییان هەیە لەگەڵ دەسەڵاتدا. لە هەمانکاتدا هەرسێ پێکهاتەکە جیاوازی وەها گەورە لە نێوانیاندایە، کە بە هیچ جۆرێک ناتوانرێ وێنای ئەوە بکرێ کە پارتێکی سیاسی بێتە ئاراوە کە لە سەرانسەری عێراقدا دەنگ بێنێت؛ لە بەر ئەمە هەموو هەڵبژاردنێک لە هەمانکاتدا سێ هەڵبژاردن یان زیاترە. بۆ بینینی ئەم مۆدێلە دەتوانرێ لە هەڵبژاردنەکانی ئایرلەندی باکور وورد بینەوە کە پرۆتستانت و کاثۆلیک هەریەکەو چەند پارتی سیاسی خۆیان هەیە، کە تەنها لە نێو کۆمەڵەکەی خۆیاندا ململانێی هەڵبژاردن ئەکەن. بە مانایەکی تر، ئەو پارتە سیاسیانەی کە نێو شیعەدا دروست دەبن تەنها شیعە دەنگیان پێئەدات و ئەوانیش تەنها لە نێو شیعەدا لە گەڵ پارتە سیاسیە شیعەکانی تردا ململانێ ئەکەن، بۆیە ئەگەر پارتێکی سیاسی نەرمرەوێتی بنوێنێ بەرامبەر هەر مەسەلەیەک هەر خێرا لەلایەن ئەوانی ترەوە وەک هەڵێک دەقۆزرێتەوە بۆ هێرشکردنەسەری و لاوازکردنی، بۆیە لە دەرئەنجامدا کاری سیاسی هەردەم جیاوازیە نەتەوەیی و ئاینیەکان گەورەترو پتەو تر ئەکات. ئەم دیاریدەیە دەتوانرێ ئیجابیانەو سلبیانەش لێک بدرێتەوە. بۆ نموونە زۆر گران دەبێ پارتێکی سیاسی مۆدرێن لە سەر بنەمای هاوڵاتی بوون دروست بێت کە بتوانێ ببێتە نوێنەری هاوڵاتیان. لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتی دامەزراندنی حکومەت هەردەم لە دەستی شیعەدا دەبێت. بەڵام لایەنە ئیجابیەکانی بە تایبەت بۆ کورد ئەوەیە هەردەم حکومەت لە ناوەندا حکومەتێکی لاوازە وە

دەسەڵاتی بە زۆری لە ناوەندێکی جوگرافیدا کۆبوەتەوە، کە ئەگەر عێراق فیدراڵ بێت لە سەر بنەمای ئیتنی ئەوا دەسەڵاتێکی زۆر ئەبەخشێتە حکومەتە فیدراڵەکان.